# مافەکانی
# پێغەمبەری خوا(ﷺ)
# بەسەر موسڵمانانەوە

ئامادەکردنی: مەلا ئەحمەدی قامیشی

خوێنەری بەڕێز:....تکایە دوای خۆت بیدە بە کەسێکی تر تا بیخوێنێتەوەو سوودەکەی بڵاوبێتەوەو زۆرترین کەس بەشدار بێت لە ناسینی ئەو مافانەی لەسەرمانە بەرامبەر پێشەوای مرۆڤایەتی ﷺ

## ئەم پەیامە پێشکەشە بە :

هەموو ئەو کەسانەی بە راستی پێغەمبەری خوایان ﴿ﷺ﴾ خۆشدەوێت و تامەزرۆن بە دیداری شادبن.

هەموو ئەو گەنج و لاوە دڵ پڕ لە بڕوایانەی کە ئەیانەوێت رەوشتیان محمدﷺی بێت و شەووو رۆژ لە خەمی گەیاندن و سەروەری ئیسلامدان.

بە هەموو ئەو پیاوو ئافرەتە بە تەمەنانەی بە بینینی شوێنکەوتوانی پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ شادومان و خۆشحاڵن و بەو هیوایەوە منداڵەکانیان گەورە دەکەن کە پەروەردەیان پەروەردەیەکی موسڵمانانە بێت.

بسم الله الرحمن الرحیم

## دەستپێك

الحمدلله والصلاة والسلام علی رسول الله وعلی آله وصحبه ومن والاه....وبعد...

لەسەر ژیان و ئاكارو رەوشتی ئازیزمان رابەری مرۆڤایەتی محمد ﷺ زۆر نووسراوەو زۆر ووتراوە، بەڵام لەچاو پلەو پایەی ئەو زاتە دڵۆپێكە لە بەرامبەر دەریایەك، هیچ كەس مافی خۆی پێ نەداوە... چونكە وەسفی ئەو ئاوا كراوە: ناونیشانی (رَحمَةً لِلعالَمین)ەو (إنَّكَ لَعَلی خُلُقٍ عَظیم)ی بۆ دانراوە...

بەڵام ئەوەی گرنگ‌و مەبەستی ئێمەیە لەم نامیلكەیەدا بریتییە لەو ماف‌و پێویستیانەی كە لەسەر شانی ئێمەیە بەرامبەر بە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ ئەنجامی بدەین. چونكە گرنگ شوێن پێ هەڵگرتن‌و بەدووكەوتنە، نەك ناسین و خۆشەویستی سەرزارەكی‌و

بەس. هەر نەمان و کاڵ بوونەوەی ئەم لایەنەشە لەمڕۆدا وایکردووە موسڵمانیەتیمان تەنها ناسنامەو ڕووکەش بێت و لەبواری کردارو رەفتاردا نەك نەمانتوانیوە موسڵمانێتی خۆمان بسەلمێنین، بگرە زۆر جاریش بوینەتە لەمپەری سەر رێی گەڕانەوەی کەسانێك کە بەهۆی رەفتاری ناجۆری هەندێکمانەوە پێیان عەیبە ئیسلامەتیان اعلان بکەن...

دەبا ئێمەش لەم مانگی مەولودو (ربیع الاول)ەدا هەوڵ بدەین ژیانمان بەرازاندنەوەی بەرێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەینە بەهاری یەکجاریو ئەو ئەرك و مافانەی لەسەر شانمانە بەرامبەری بەجوانی لەمیانەی کرداردا بەرجەستەی بکەین...

## مافی پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر شوێن کەوتوانی:–

١–ئیمان و بڕوا پێ بوونی: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ الاعراف/ ١٥٨.

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بڵێ: ئەی خەڵکینە چاك بزانن کە من پەیامبەرو نێردراوی خوام بۆ لای سەرجەم ئێوە، رەوانەکراوم لە لایەن ئەو خوایەی کە دەستەڵاتدارێتی تەواوی ئاسمانەکان و زەوی تەنها هی ئەوەو جگە لەو هیچ پەرستراوێکی بە هەق نیە، ژیان دەبەخشێ و گیان دەستێنێ، دەسا ئێوەش بە خواو ئەو پەیامبەرە ﷺ هەواڵدەرە نەخوێندەوارەی خوا بڕوا بکەن کە ئەو بۆ خۆی بڕوای کامڵی بە خواو بە هەموو

ووشەکانی ئەو هەیە دەسا ئێوەش شوێنی بکەون تا بەڵکو بەختەوەرو شارەزای رێگای هەق بن.

یەکـەمین مـافی پێغەمبـەر ﷺ بەسـەر ئوممەتەکەیـەوە ئەوەیـە کـە بـەدڵ و دەرونـەوە بڕوامـان پێـی هـەبێت کـە لەلایەن خواوە هەڵبژێردراوەو پایەی پێغەمبەرایـەتی پـێ خەڵات کراوە، وە بڕوامان وابێت کە ئەو زاتـە چاکترین و تـەواوترین و راسـترین رابـەرو پێـشەوایە لەسـەرجەم بوارەکانی ژیانـدا وە هەرچـی فـەرمووە راسـت و رەوایـەو لەلایەن خواوە فەرمانی پێکراوە...

٢-ناسین و شارەزابوون لەژیان و سیرەتی:

چونکە تا زیاتر شارەزابین لـەژیانی چاکتر دەیناسین و زیـاتر خۆشمـان دەوێـت، وەك عـەرەبیش دەڵـێ (النـاس اعـداء مـا جهلـوا) خـەڵکی دوژمنـی ئـەو شـتەن کـە شـارەزاییان نییـە لەبارەیـەوە. لەبەرئـەوە پێویـستە لەسـەرمان خۆمـان شـارەزا بکـەین لەژیاننامـەی

گەوهەرستانی پێغەمبەری خوا ﷺ، وە لەچۆنیەتی ڕەوشت و مامەڵەی لەگەڵ دۆست و دوژمنانیدا.

٣-خۆشویستنی زیاتر لەماڵ و منداڵ و کەس وکارو تەنانەت لەخودی خۆشمان، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (( لايؤمن احدكم حتى اكون احب اليه من والده وولده والناس اجمعين)). رواه مسلم، چونكە خوای گەورە لەبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ...﴾ الاحزاب/ ٦.

واتە: پەیامبەر ﷺ بە برواداران لە خودی خۆیانیش لە پێشترە، وە خێزانەکانیشی دایکیانن.

بەڵێ خوشك و برای ئیماندار دەبێ کەسێك کە بانگەشەی موسڵمانێتی دەکات پێغەمبەری خوای ﷺ لەگیانی خۆی خۆشتر بوێ و بەوەش دەبێ لەفەرمانی دەرنەچێ، چونكە (ان المحب لمن يحب مطيعُ)، دیارە دەعوای بێ دەلیل وەرناگیرێ و قسەش فەقیرە هەموو

کەسیٚ پێی دەوێریٚ، دەبیٚ تۆی بڕوادار شوێن کەوتەی ئەو شەریعەتو پەیامە بی کە ئەو ئازیزە لەلایەن خواوە هێناویەتی، نەك بەهەواو ئارەزووی خۆت.

لەسەر خۆشەویستی ئایەت و فەرموودەو نمونەی هەڵوێستی هاوەڵان زۆرە، بەڵام بەم وتەیەی (سەهلی کوڕی عبدالله) کۆتایی پیٚ دێنم کە دەڵیٚ:

(نیشانەی خۆشەویستی خوا خۆشویستنی قورئانە، نیشانەی خۆشەویستنی قورئانیش خۆشویستنی پێغەمبەرە ﷺ، وە نیشانەی خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ خۆشویستنی سوننەتەکانیەتی، وە بەڵگەو نیشانەی خۆشویستنی خواو قورئانو پێغەمبەر ﷺ حەزو ئامادەباشی یە بۆ قیامەت...).

٤-شوێن کەوتنی ڕێبازەکەی و گوێڕایەڵی کردنیو جێبەجیٚ کردنی فەرمایشتەکانی، وە بەپێشەنگ و

دادوەر قبوڵ کردنی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا﴾ الاحزاب/ ٢١.

واتە: بە راستی پێغەمبەری خوا ﷺ چاکترین نمونەی رێکوپێکی و سەرمەشقە بۆتان بە تایبەتی بۆ ئەو کەسەی کە بە تەمای خواو رۆژی دوایییە و یادی خواش زۆر دەکات.

چونکە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بۆیە نێردراون تا سەرمەشق و پێشەوایەتی و چاوساغی خەڵکی بکەن، کەوابێ لەسەر هەموو ئەوانەی کە خۆیان بەشوێن کەوتویان دەزانن پێویستە بەشوێن ئەواندا برۆن و گوێڕایەڵیان بکەن. چونکە بانگەشەکردنی خۆشەویستی بەبێ گوێڕایەڵی کردن هیچ بەهایەکی نییە.

ئەم بەپێشەنگ و دادوەر قبوڵ کردنەش لەکاتی کێشەو گرفت دا بەجوانی دەردەکەوێت داخۆ تا چەندێکە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ النساء/ ٦٥.

واتە: نەخێر سوێند بێ بە پەروەردگارت ئەی پێغەمبەر ﷺ نابنە باوەردار تا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان تۆ دەکەنە دادوەرو ئەوساش بەرامبەر بەو بڕیارەی تۆ داوتە هیچ تەنگی‌یەکیان دەست نەکەوێ لە دەونیانداو بە چاکیش تەسلیم و ملکەچ بن.

ئەوانەشی گوێڕایەڵی ناکەن و لەرێنمویی ئەو لائەدەن بەر هەرەشەی خوا دەکەون کە دەفەرموێت: ﴿.....فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ النور/ ٦٣

**واتە: دەبا ئەوانەی سەرپێچی لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ ئەکەن بترسن کە سەرەنجام تووشی بەڵاو نەهامەتی‌یەك ببن یا توشی سزایەکی بەئێش ببن.**

**٥-بەردەوام سەڵاوات دان لەسەری‌و سەلام ناردن بۆی، بەتایبەت کاتێك ناوی دەهێنین یان ناویمان بیست، کە ئەمەش فەرمانی خوایە کە دەفەرموێت:** ﴿إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ **الاحزاب/٥٦.**

**واتە: بە راستی خواو مەلائیکەتەکانی درودو صەلاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ دەدەن، (خوا بەزەیی‌و میهرەبانی خۆی ئەڕێژێ بە سەریا، مەلائیکەتەکانیش داوای پایە بەرزی‌و لێبوردنی بۆ دەکەن)، دەسا ئێوەش ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە درووودو صەڵاواتی لەسەر بدەن وە سەلامی لێ بکەن.**

وه سەڵەوات دان لەسەری مایەی ڕیٚ لیٚ ون نەبوونی بەهەشت و بەدووربوونە لەسیفەتی بەخیلی و هۆی زیاد بوونی توێشووی چاکەکانمانە.

٦-سەرخستنی: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِلَّا تَنْصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا فَأَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ التوبة/٤٠

واتە: ئەگەر ئێوە یارمەتی پەیامبەر ﷺ نەدەن و(لەگەڵی نەچن بۆ جەنگی تەبووك) ئەوا دڵنیابن خوا یارمەتی دەدات هەر چۆن یارمەتیدا ئەو دەمەی کە بێ باوەڕەکان لە مەککە دەریان پەڕاندو ناچاریان کرد کۆچ بکات بۆ مەدینە کە یەکێك بوو لە دوو کەسان کە لە ئەشکەوتەکەی کێوی (ثور)دا بوون، کە لەو دەمەدا پێغەمبەر ﷺ بە هاورێکەی خۆی دەوت: خەمی منت

نەبێت و لەبەر من دڵتەنگ مەبە، دڵنیابە خوا لەگەڵمانە، ئینجا خوا ئارامیو هێمنیو ئۆقرەی خۆی ناردە سەر ئەبوبەکرو وە پێغەمبەریشی بە لەشکرێك کە ئێوە نەتاندیت لە مەلائیکەتەکان پشتگیری کرد، وەووشەو شیرکی موشریك و بێ باوەڕەکانیشی بن خست و تێك شکاند، وە هەر ووشەی خوا بەرزو بڵندە، وە خواش بۆ خۆی زۆر بە دەستەڵات و کارزان و کار دروستە.

ئەم سەرخستنەش یەکێکە لەمافەکانی بەسەرمانەوە بەزیندوییو مردوویی، جا هاوەڵان (ڕەزای خوایان لەسەر بێت) لەکاتێکدا پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ زیندوو بوو هەستان بەم ئەنجامدانی ئەم کارو ئەرکە بەجوانترین شێوە بەڕۆح و گیان و مادیی و مەعنەویی، بەچەكو هۆنراوە... بەڵام دوای وەفاتی ئەم ئەرکە لەسەر شوێن کەوتوانێتی کە پارێزگاری بکەن لە هەیبەت و حورمەتی خودی پێغەمبەری خوا ﷺ وە پاراستنی سوننەتەکانی لەخراپەی تانەو تەشەر دەران و نەفامان

که ئەمەش بەستراوەتەوە بەرادەی خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئوممەتەکەی دا...

٧-دۆستایەتی کردنی دۆستانی‌و بوغزاندن و خۆبەری کردن لەدوژمنانی، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ المجادلة/٢٢.

واتە: هیچ کۆمەڵێك نابینیت کە باوەری بە خواو رۆژی دوایی ببێت دۆستایەتی ئەوانە بکەن کە دژایەتی خواو پەیامبەرەکەی ﷺ دەکەن! هەرچەندە ئەوانە باوکیان یان کوڕو نەوەیان یا براو عەشیرەتیان بن، (ئەوانەی کە لە دۆستایەتی دوژمنانی خوا خۆیان دەپارێزن)

کەسانێکن خوا ئیمان و باوەڕی لە نێو دڵیاندا چەسپاندوەو بە هیچ شتێك لەق نابێت، وە پشتگیری کردوون بە سەرخستن لە لایەن خۆیەوە، وە لە پاشە ڕۆژیشدا دەیانباتە نێو چەند باخێکی بەهەشتەوە کە جۆگە ئاوی زۆر لە ژێر درەختەکانیدا دەڕوات، بە هەتا هەتایش تێیدا دەبن، خوا لێیان خۆشنوودو ڕازی بووەو ئەوانیش لە خوا ڕازی بوون، ئائەوانە گروپەکەی خوان، ئاگادارو هۆشیار بن کە هەر گروپەکەی خوان براوەن لە دونیاو لە قیامەتدا.

کەواتە پێویستە لەسەرمان هەموو ئەوانەمان خۆش بوێ کە شاگردی زانکۆکەی پێغەمبەری خوان ﷺ وە شوێن کەوتەی ڕێبازەکەی ئەون و خۆشیان ویستوە، لەپێش هەموویانەوە هاوەڵانی بەڕێز (ڕەزای خوایان لەسەر بێت) بەبێ جیاوازی، وە خۆشارەزاکردن لەژیانیان و خۆشویستنی هەر کەسێك ئەوانی خۆش دەوێ و ڕق لێ

بـوون و دژایـەتی کردنـی هـەر کەسێك بەخراپـە ناویـان دەبات، هـەروەها خۆشویـستنی خانـەوادەو ئالوبـەیتیو دۆستایەتیو خۆشویستنی هەموو ئەو زانایانەی ئەهلی سـوننەتن کـە بەراسـتی ڕێبـازی ئـەویان گرتـووەو پاراستنی قەدریان...

لەهـەمان کاتـدا دوژمنایـەتی کـردن و بوغزانـدنی بـێ بڕوایـان و مونافیقـان و هـەموو ئەوانـەی هـەوڵی شـەوو ڕۆژیـان بـۆ لاوازکردنـی ئیـسلام و کوژاندنـەوەی روناکییەکەیـەتی، لەوانـەی شـوێن هـەواو ئارەزووکەوتوون، کە لـە عەقیدەدا ئەم بابەتـە بە (الـولاءُ والـبراء) ناسـراوە کـە مایـەی پاراسـتنی عیـززەت و کەسایەتی موسڵمانە.

٨-هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی بانگـەوازو دینەکـەیو خـۆ فیـداکاری بـەماڵ و گیـان بـۆ گەیانـدنو بـرەودان بەڕێبازەکەی:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ يوسف/ ١٠٨.

واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بەو خەڵکە بڵێ: ئەمەیە رێگای من خۆم و ئەوەی شوێنم کەوتوون خەڵکی بانگ دەکەین بۆ یەکتاپەرستی لەسەر بنچینەی چاوساغیو بەڵگەی شەرعیو عەقڵی، وە هەمیشەیش خوا لە هەموو کەم و کورتیو ناتەواوییەك بدرێتە پاڵی بێ خەوش رادەگرم و من لەوانەش نیم شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن.

لە ئەنجامدانی وەفاوەیە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کە هەستین بە بڵاوکردنەوەی ئیسلامو گەیاندنی بانگەوازەکەی بەهەموو شوێنێك بە هەر شێوازێکی گونجاوو شەرعی کە بلوێت، چونکە خۆی فەرمویەتی: (بَلِّغوا عَنِّي وَلَو آية) البخاری.

وە هـەوڵ بـدەین عەقیـدەو بیروباوەڕێـك کـە پێغەمبـەری خۆشەویـست ﷺ هێنـایو لەپێناویـدا هـەزاران لەمپـەرو نارەحـــەتی هاتـــە ڕێـــی ئێمـــەش بیگەیـــەنین و تاریکستانەکانی ئەم سەردەمەی پێ ڕووناك بکەینەوە. بەتایبـەت لـەم سـەردەمەدا کـە دوژمنـانی ئیـسلام هـەموو هـەوڵ و کۆشـشێکیان خـستۆتە کـار بـۆ لـەناوبردن و لەباربردنی ئیسلام و دروشمو رەوشتەکانی..

بەجێبـەجێ کردنـی ئـەم مافانـەی لەسـەرمانە بەرامبـەر بەپێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـەوجا توانیومانـە فـەرمانی خوامان جێبەجێ کردبێ کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا أَرْسَـلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا . لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا﴾ الفتح ٨-٩.

واتە: بێ گومان ئێمە تۆمان رەوانە کردووە ئەی پێغەمبەر ﷺ بە شایەت و مژدەدەرو ترسێنەر تا ئێوە بە خواو پێغەمبەرەکەی ئیمان بێنن، وە کۆمەکی بکەن

(واتە کۆمەکی لە ئاینەکەی بکەن) و بە مەزنی بگرن (واتە بە ڕێزداری دابنێن)، وە بەیانیان و ئێواران تەسبیحات و یادی خوای گەورە بکەن و بە پاك و خاوێنی رابگرن.

ابن سعدی دەفەرموێت: (واتە پێغەمبەری خوا ﷺ بەگەورە بگرن و ڕێزی لێ بگرن و مافەکانی بەجێ بگەیەنن هەروەك چۆن منەتی گەورەی لەگەردنی ئێوەدا هەیە) تفسیر ابن سعدی ص٧٣٦.

ئەوەتا صەفوانی کوڕی سلیم هەر کاتێ باسی پێغەمبەری خوا ﷺ بکرایە لەلای دەستی دەکرد بەگریان، بەردەوام دەگریا تا خەڵکی لەلای هەڵدەستان و بەجێیان دەهێڵا..

لەمیانەی باس کردنی ئەم مافانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمە چەندێك دوورین لە شوێنکەوتنی راستەقینە...

کاتێ ئەم ئایەت و فەرموودانەت بەسەردا دەخوێنرێتەوە زۆر بەجوانی تێدەگەیت کە هەموو ئەو خراپەو تاوان و

لارو خوارییــەی لــەم کۆمەڵگایــەدا هەیــە.. هــەموو ئــەو دواکەوتویەتیــەی بڵاوبووەتــەوە... هــەموو ئــەو دیــاردە نــامۆو ســەیرو ســەمەرانەی دەیبیــنین و دەیبیــستین... ســەرجەمیان بەرهــەمی دوورکەوتنەوەمانــە لــە ڕێگــاو ڕێــرەوی پێغەمبــەری خــوا ﷺ و پــشتگوێ خــستنی ڕێبازەکــەی، چــونکە موســڵمانیەتی تــەنها یــەك بــوارو لایــەنی ژیــانی نەگرتۆتــەوەو بــەس، بــەڵکو مــافی هــەموو خــاوەن مــافێکی لەســەرمان واجــب کــردووەو هــەموو گۆشــەکانی ژیــان و مــردن، دنیــاو قیامــەتی بــۆ داڕشتووین..

کەواتــە ئەگــەر راســتە پێغەمبــەری خوامــان ﷺ خــۆش دەوێــت و مەبەستمانە لەســەر شــەریعەت و ڕێبــازی ئــەو بژین و بمرین ئەوا پێویستە لەهەموو بوارەکانی ژیانـدا بەشــوێن پێــی موبــارەکی ئــەودا هــەنگاو هــەڵگرین بەتایبەت:

١-له بواری پەرستش و عیبادەتدا:-

هەوڵبدەین و بزانین ئەو چۆن عیبادەتەکانی ئەنجامداوە ئێمەش بەو هەیئەت و چۆنیەتیە ئەنجامی بدەین بێ کەمکردن و زیادە خستنەسەرو گۆڕانکاری، کە ئەمە پەیوەندییەکی گرنگی نێوان بەندەیە لەگەڵ خوای خۆیدا، دیارە بۆ قبوڵ و وەرگرتنی عیبادەتیش دوو مەرجی سەرەکی پێویستە کە ئەوانیش بریتین لە (الاخلاص والصواب) واتە: کارەکە بۆ خوا بێت و بەپێی شەرعی خواش بێت.

٢-له بەزەیی‌و سۆزدا:-

چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لەهەموو کەس بە بەزەیی تر بووە، کە لە قورئاندا بەرامبەر بە ئیمانداران بە (رؤوفُ رحیم) ناوبراوە وەك خۆشی ﷺ دەفەرموێت: ((بعثت بالرحمة)).رواه مسلم، وە فەرموویەتی ﷺ : ((لایرحم اللهُ من لایرحم الناس) متفق علیه. واتە: خوای

پــەروەردگار بــەزەیی بــە کەســێکدا نایەتــەوە کــە ئــەو بەرامبەر بە مەردوومان بە بەزەیی نەبێت.

بەتایبــەت لەگــەڵ ئەوانــەدا کــە لــەژێر دەســتی تــۆدان و سەرپەرشـــــتیان دەکـــــەیت. چـــــونکە پێغەمبـــــەری خۆشەویست ﷺ لەگەڵ ئاژەڵ و پەلەوەرو مێرووشدا بە بەزەیی بووە.. بەجۆرێ دەفرو جامی ئاوی بۆ پشیلە لار دەکردەوە تا لێی بخواتەوەو بەزیادەکەشی دەستنوێژی دەگرت/ صحیح رواه الطبرانی..

٣-لەپاراستنی مافی ئافرەتاندا:-

چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لەهەموو کەس چاکتر بووە بەرامبەر خێزانو هاوسەرەکانیو فەرمانیشی پێکردوین ڕێزیـان لێ بگـرین و لەگەڵیانـدا نـەرمو بەسـۆز بـین وەك فەرموویـەتی: ((... وخیـارکم خیـارکم لنـسائهم خلقـاً)). رواه الترمذی وقال حسن صحیح.

واتە:.. وە چاکترینتان ئەوانەتانن کە ڕەوشتیان لەگەڵ خێزانەکانیانـدا جـوان و چـاکە. وە سـەبارەت بـە ڕێـزو

مافی ئافرەتان بەگشتی فەرموویەتی: ((ما أكرم النساء إلا كريم، وما اهانهن الا لئيم)). رواه مسلم. واتە: تەنها کەسی بەرێز ڕێزی ئافرەتان دەگرێت، ئەوەشی نەفام و بێرێز نەبێت سوکایەتیان بەرامبەر ناکات.

لەمڕۆشدا بە جۆرەها شێواز سوکایەتیو گەمە بە شەخسیەت و سومعەی ئافرەتان دەکرێت و لە ژێر دروشمی سەربەستی ئافرەتان و ئازاد کردنیاندا بە زۆر شێواز مافیان خوراوە کە مەبەستە شاراوەکەیان بریتییە لە: بە ئازادیو سەربەستی گەیشتن بە ئافرەتان بۆ لەکەدارکردنیان نەك ئازادی بۆ ئافرەتان.

٤-لەخزمایەتیو دراوسێیەتی پاراستندا:-

بەجۆرێك فەرمانی پێ کردوین لەخۆشیو ناخۆشیدا بەسەریان بکەینەوەو سەریان لێ بدەین و یارمەتیان بدەین... وەك فەرمویەتی ﷺ : ((لايدخل الجنة قاطع)) واتە: ئەوەی سیلەی ڕەحم و پەیوەندی خزمایەتی بپچڕێت ناچێتە بەهەشتەوە.

ئـەمرۆش بـەهۆی دووریمـان لـەڕێبازی ئەوەوەیـە کـە دراوسـێیەتیو کەسـایەتی کـاڵ بوەتـەوەو بەرژەوەندییـە دنیاییەکان سـەرقاڵی کـردوین و ئـەو مافـە گەورانـەمان بیرچۆتەوەو دراوسـێ بەخیلیو حەسوودی بە دراوسـێ دەباتو پێی خۆش نییە خۆشحاڵ بێت.

٥-لەسیماو بەرگو پۆشاکدا:-

چونکە ئەو سەروەرە ﷺ دەفەرموێت: ((من تشبه بقوم فهو منهم)). واتـە: هەرکەسێك خـۆی بـچوێنێت بـە هـەر گەلێك ئەوە لەوانە.

وە بەرگری لێ کردووین کە خۆمان بشوبهێنین بـە گـاورو جولەکەو نەفام و خوانەناسان لەجلو بـەرگ و پۆشـاك و هەرتایبەتمەندییەکی ئەواندا. لەبەرئەوە پێویسـتە هـەر کەسـێك بانگەشـەی خۆشەویـستی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەکـات ئاگـای لـە پۆشـاکی خۆیو مـاڵ و منـداڵی بێـت، پۆشـاكو جلێك نەپۆشـێت کـە ئـەو رابـەرە پێـی نـاخۆش

بێــت، ســـیما و شــێوەیەك نـــەنوێنیٚ كـــە لەموســـڵمان نەوەشـێتەوەو شـەرعی نـەبێت، بەتایبـەت زۆرێـك لـە ئافرەتـانی موسـڵمان بـەجل‌و بـەرگی مۆدیـل چەواشـە كراون.

٦-لەكاسبی و مامەڵەی بازاڕدا:-

چـونكە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمویـەتی: ((مـن غـشنا فلیس منا)). واتـە: هەركەسێك غـەش و فێڵمـان لیٚ بكـات لـە ئێمـە نی‌یـە. لەبەرئـەوە پێویـستە وەك چـۆن مـافی خوامان لەلا بەهەندەو نوێژەكان ئەنجام دەدەین بەهەمان شـێوە ئاگامـان لـەمافی خـەڵكی بێـت بەسـەرمانەوە. لـەبازاڕدا زوڵـم و فێڵیـان لیٚ نەكـەین، مامەڵـە قـورس و گرانجان‌و فێڵباز نەبین.

لـەكاتیٚ پەیـداكردنی بژێویـدا بـیری خوامـان هـەبێت و نـەهێڵین حـەرام تێكـەڵاو بەسامانمان ببێت. ئەوەنـدەش هەوڵبـدەین و لـە خـەمی دنیـادا بین كـە مافـە خواییـەكان نەفـەوتێنین، چـونكە ئیـسلامەتی و ئیمانـداری لەشـین‌و شـــایی و لـــەكڕین و فرۆشـــتن و مامەڵـــەی ڕۆژانـــەدا دەردەكەویٚ و كردەوە سەنگی مەحەكە.

٧-لەگۆڕان و پێشکەوتن و چاکسازیداو دووبارە نەکردنەوەی هەڵەو تاوانەکانی ڕابردوو، وە نەگەڕانەوە بۆسەردەمی نەفامی لەبەرگێکی تردا:-

چونکە هاتنی ئەو پێغەمبەرە ﷺ خاڵی گۆڕان و وەرچەرخان بوو لەخراپەوە بۆ چاك و لەچاکەوە بۆ چاکتر، وەك لەبەشێکی ووتارەکەی (حجە الوداع)دا فەرمووی: ((ألا ان کل شيء من امر الجاهلیة تَحتَ قدمي موضوع)). واتە: هەر سیفەت و خوویەکی نەفامی لە ژێر دوو پێمدایەو رۆیشت و ناگەڕێتەوە. هەموو شتە خراپەکانی سەردەمی نەفامی خستە ژێر پێوەو خرانە زبڵدانی مێژووەوە، وەك (کوشتن و بڕین سوو مەی خواردنەوەو قومارو داوێن پیسیو خیانەت و گەندەڵی و ڕەگەز پەرستیو دەمارگیریو دووبەرەکیو هتد..). کە لەسەردەمی تەکنەلۆژیاو لەعالەمی عەلمانیەت و عەولەمەدا سەریان هەڵداوەتەوە بونەتە گرفتی گەورەو

ژیانیان کردووه بەژان و کە ئەمانە هی سەردەمی نەفامی بـون و ئێـستا لەبـەرگێکی تـردا گەڕاونەتـەوەو مێـژوو دووبـــارە بۆتـــەوەو چارەسەریـــشی تـــەنهاو تـــەنها دەســتگرتنە بــەڕێبازی ئــەو پێــشەوایەمان، وە پاشــان هەوڵبدەین خۆمان بگۆڕین و سەرجەم شتەکانی نـەفامی بخەینـــە ژێـــر پێمانـــەوە وەك پێغەمبـــەری خـــواﷺ فەرمویـەتی: ((دعوهـا فانهـا مُنتنـة)). واتـە: دەسـتی لێ هـەڵگرن چـونکە بەراسـتی بۆگەنـە. نـەك ئـەوەی ئـەو خـستیە ژێـری پێـی ئێمـە بیخەینـە سـەر سـەرو چـاو لەمۆدیلی خراپ و بێگانە پەرستی بکەین.

**ئەگەر راستە ڕێزی ئەو زاتە دەگرن**

**فەرموون لەسەر ڕێبازی ئەو بژین و بمرن**

**خــوای گــەورە یارمــەتیمان بــدات بتــوانین بــە راســتی شـوێنکەوتەی پێغەمبـەری خـوابین ﷺ.. تـا لـە دونیـادا سەربەرزو لە رۆژی دوایشدا بە دیداری شاد بین.. خوای پـەروەردگار میللەتەکـەمان بێـدار بکاتـەوە کـە بـە راسـتی دەســت بــە رێبــازی پێغەمبــەری خــواوە ﷺ بگرێـت و کۆمەڵگاکەمان ببێتە نمونـەی کۆمـەڵگای پڕ لـە جوانیو خۆشبەختیو کامەرانی پڕ لە ئیمان و رەوشتی جوان..**

**خــوای گــەورە ئــەم کــارە بـچوکەشمان لێ قبـوڵ بکـات و نیــەتمان پــاك بکاتــەوە لــە هەرشــتێکی تــری غــەیری رەزامەندی خۆی.... ئامین**

## پێغـــەمبـــەر ( صلى الله عليه وسلم )

بەرلەوەی بێی
خەڵکی هەموو کۆیلە و وێڵ بوون....
لەجیاتی خوای تاك وتەنیا
( لات وعوزا )ی‌بێ ڕۆح وگیان
نەخشی نێو سوجدەی تەوێڵ بوون...
لە مەیدانی ئاژەڵاندا
بە ئاشکرا لەشی مرۆڤ هەڕاج ئەکرا...
بەوڕۆژگارە
ماڵی خەڵکی تاڵان ئەکرا.....
بەڵام کاتێ کەتۆهاتی ،
پرشنگی خۆر بەیەکجاری گەڕایەوە....
کۆت و زنجیری بەندێتی کرایەوە....
شەوگاری تار.
هێور هێور
لەگەڵ لاشەی بتەکاندا.. پێچرایەوە....

**پشتیوان بەرزنجی**